# بەگەڕخستنی تواناو لێهاتنەکانی لاوان و نەوەی نوێ مەرجی گەشەپێدان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە.

## لە دروشمەکانی (١٦) هەمین ساڵیادی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو

# کوتلەی یەکگرتوو لە بەغدا پەرلەمان دەهەژێنێت..



د. محەمەد ئەحمەد



ئەسمەر حسێن



زوهیر خۆشناو



سامی ئەتروشی



عومەر بادی

ژیار عومەر
یەکگرتوو/ سلێمانی

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقی لە ساڵی (٢٠٠٥) ئەو کات کە یەکگرتووی ئیسلامی وەك تاکە داهێنەر و قوربانیدەری فرەلیستی و پیادەکردنی ئەزموونی دیموکراسی لە کوردستاندا، توانی بۆ یەکەمجار لیستێکی جیاواز لە دەرەوەی لیستی دەسەڵات بهێنێتە مەیدانی هەڵبژاردنەکان و بە خەڵکی کوردستانی بناسێنێت، چونکە لەدوای ساڵی (١٩٩١)ـەوە خەڵکی کوردستان وا فێر کرابوون و ڕاهێنرابوون کە ئەو دوو حیزبە براگەورە و حیزبەکانی تریش لەژێر باڵی ڕەحمەتی ئەو دوو حیزبەدا چاوەڕێ بکەن و دوای دابەشکردنی (فیفتی بە فیفتی)یەکەی خۆیان چەند کورسیەك بدەنە ئەوان. هەر ئەمەش بوو ئەو سام و دوودڵییەی لای لایەنەکانی تر هەبوو بۆ هەڵبژاردنەکانی (٢٥ی تەمووز) شکاند و، بینیمان چەندین لیستی جیاواز هەبوو بە ئێستاشەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی (٧ی ئازار) کە چەندین لیستی جیاواز لە دەرەوەی ئەو دوو لیستە دروست بووە، ئەوەش سەروەرییەکە لە مێژوودا بۆ یەکگرتوو تۆمار کرا لەپاڵ سەروەرییەکانی تریدا، بەوەی بووە مامۆستا و سەرمەشق و داهێنەری فرەلیستی بۆ یەکەمجار لە کوردستان.. یەکگرتوو قوربانیدەری فرەلیستی و یەك هەڵوێستی و بەدرۆخەرەوەی باڵۆرەکان و ناو و ناتۆرەکانی دەسەڵاتە.. داهێنانی لیستێکی جیاواز لە دەرەوەی لیستی دەسەڵات بۆ یەکەمجار لە کوردستان هەر زوو هەست کرا کە دەسەڵات ئەم حاڵەتەی پێ هەزم ناکرێت، چونکە بەدرێژایی حوکمی فەرمانڕەوایی ئەوان (یەکێتی و پارتی) فێر نەبوون دەنگی (نا) لە دەرەوەی دەنگ و فەرمانەکانی ئەوان هەبێت. داهێنان و دروستکردنی لیستێکی جیاواز لە دەرەوەی دەسەڵات چەندین حاڵەتی نەخوازراو و دەرهاوێشتەی نادیموکراسیانەی بەدوای خۆیدا هێنا، لەوانە داتاشینی چەندین ناو و ناتۆرە بەوەی دەستی دەرەکی و خائینن و کۆمەڵێك وشە و ڕستە کە تەواو پێچەوانە بوو لەگەڵ سروشتی ئەو حیزبە، ئەمە جگە لەوەی کە یەکگرتوو لە ناوچەکانی بادینان بە نوێژی نیوەڕۆ بارەگاکانی سوتێنرا لە (١٢/٦) و چەند کەسێك لەو ڕووداوەدا شەهید بوون و بوونە قوربانی.

یەکگرتوو کە توانی (٥) کورسی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی عێراق بەدەست بهێنێت، ئەمە سەرەڕای ئەو فشارەی کە لەسەر خۆی و ئەندامانی و دەنگدەران هەبوو، بەڵام توانی (٥) پارێزەر و داکۆکیکاری مافەکانی گەلی کورد بنێرێتە پەرلەمانی عێراقی. ئەزموونی کاری ئەو پەرلەمانتارانە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا هەموو ئەو باڵۆرە و ناو و ناتۆرانەی بەدرۆخستەوە کە دەوترا ئەم حیزبە خائینە و دەستی دەورەکی لەپشتە و چەندەها ناوی تری نەشیاو بەو حیزبە، بەڵام کاری چوار ساڵی ئەو فراکسیۆنە تەواو پێچەوانەی ئەو قسانەی سەلماند.

پارێزەران و داکۆکیکارانی مافەکانی کورد لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەی ÷ لەگەڵیاندا بەوجۆرە باسیان لەو ناو و ناتۆرە و کاری خۆیان لەناو پەرلەمانی عێراقی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو کرد.

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو: "ئێمەیان بەو جۆرە ناوزەد کرد مەبەستیان ئەوەبوو هیچ دەنگێکی تر نەبێت و هیچ هەنگاوێکی ئۆپۆزسیۆنبوون نەنرێت". (د. محەمەد ئەحمەد - سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراقی) لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی ÷ وتی: "ئێمە وەك یەکگرتوو سەرەتا کە بە لیستێکی جیاواز بەشداریمان کرد لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥) پێیان قبوڵ نەبوو و، ئێمەیان بە چەندەها ناو ناوزەد دەکرد کە هەر مەبەستیان ئەوە بوو هیچ دەنگێکی تر نەبێت و هەنگاوی ئۆپۆزسیۆن بوون نەنێرێت، چونکە تا ئێستاش ئۆپۆزسیۆنبوونیان پێ قبوڵ نییە".

وتیشی: "هەرکات بزانن هەنگاوی جدی هەیە بۆ لیستی جیاواز، ئەوا ئەوان حەزدەکەن ئەو هەنگاوە لەبار بنێن، بەڵام دواجار دەرکەوت ئەو قسانە هەمووی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بوو، جگە لەوەش یەکگرتوو سەلماندی کە بەجدی بەدەم کێشە و داواکاری میللەتەکەیەتی، سەلماندیشی کە ئەگەر ئەوانەی بە یەك لیست چوونە پەرلەمان وەك عەرەبەکان بەڵام لەناو پەرلەمان بوونە فرە هەڵوێست و جیابوونەوە، بەپێچەوانەی یەکگرتوو کە بە لیستی جیاواز چووە پەرلەمان بەڵام هاو هەڵوێست بوو لە پەرلەمان لەسەر مەسەلە چارەنوسسازەکان".

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراقی دووپاتیشی کردەوە: "یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەپێناو بەرژەوەندی باڵاکانی میللەتدا هەموو ئەو نارەحەتیانەی لەبیر خۆی بردەوە، لە پەرلەمان هاو هەڵوێست بووین، چونکە ئێمە دواجار پێکەوە جوانین، یەکگرتوو بەو یەك هەڵوێستیەی وای کرد ڕووی جوانی کورد لە دەرەوە پیشان بدات".

دکتۆر محەمەد ئەحمەد: "هەریەکەمان ئەو شەوە بە ئیسراحەت نووستوین کە توانیومانە دڵی کەسێك یا خێزانێکی ئەم وڵاتە خۆش بکەین و، هەموو کات خزمەتکردنی میللەت و خەڵکمان بە عیبادەت زانیووە".

سیمایەکی تری پەرلەمانتارانی یەکگرتوو پێشکەشکردن و درێژکردنی دەستی سپی خێرخوازانە و هاریکاری دارایی بوو بەسەر خێزانە هەژارەکاندا لە چەندین ناوچەی جیاوازی کوردستان، دەربارەی ئەو هاوکارییانە سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراقی دەڵێت: "ئێمە وا ڕاهاتووین هەرچیمان پێ بکرێت لە خەم و خزمەتی میللەتەکەی خۆماندا بین، بەڕاستی لە (١٩٩٤)ـەوە کە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ڕاگەێنراوە بەخزمەت خۆی ناساندووە، چونکە پێمان وایە حیزب دەبێت خزمەتکاری میللەتەکەی خۆی بێت".

تەئکیدیشی کردەوە: هەرچیمان کردووە بۆ خزمەتی گەلەکەمان بەکەمی دەزانین و بە شایەنی زیاتریان دەزانین. خۆ ئەگەر هیچیشمان پێ نەکرێت ئەوا ئەوەی لە بەردەستماندایە بتوانین بیبەخشین بە هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە، چونکە هەریەك لە ئێمە ئەو شەوە بە ئیسراحەت دەنوێت کە توانیبێتی ئەو ڕۆژە دڵی هاوڵاتیەکی ئەم وڵاتەی خۆش کردبێت، چونکە پێغەمبەری سەروەرمان فێری کردووین و دەفەرموێت (من ادخل سرور فی اهل بیت لم یری الله جزاء الا الجنه).

ڕاشیگەیاند: "ئێمە هەمووکات خزمەتکردنی میللەت و خەڵکمان بە عیبادەت زانیووە، چونکە وا دەزانین بەوە لە خوا نزیك دەبینەوە، مرۆڤ بە خزمەتکردن گەورە دەبێت و، سەروەرمان فێری کردوین و دەفەرموێت: (سید القوم خادمهم) و هەرکەس بە خزمەت گەورە ببێت بە هیچ دانانەوێت".

هەروەها لە میانەی لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی ÷ پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراقی (ئەسمەر حسێن) ڕوونیکردەوە: "دیارە لە تەمەنی ئیعلانکردنی یەکگرتوودا (یەکگرتوو) سەلماندویەتی کەوا لە خزمەت خەڵك و خاکی خۆیدایە و ئەوەی پێی کرابێت لەو توانا کەمەی کەوا لەبەردەستیدا هەبووە لە ساڵە نەهاتەکانی کوردستان و لە شەڕی ناوخۆ، یەکگرتوو ئەوەی لە گیرفانی خۆیدا بووە داویەتی بە هەژارانی ئەم میللەتە".

پەرلەمانتار (ئەسمەر حسێن): "یەکگرتوو بەرنامەکەی وابوو کە هەمیشە کوڕە بەوەفا و بە خزمەتەکەی میللەتەکەی خۆی بێت". (ئەسمەر حسێن) هەروەها ئاماژەی دا: "کاتێك یەکگرتووی ئیسلامی بڕیاریدا بە لیستێکی جیاواز بەشداربێت بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی (٢٠٠٥)، بۆ ئەوە بوو تا گەمەی دیموکراتی لە کوردستاندا گەرم بکات، چونکە ئەو گەمەیە بەرەو مردن ڕۆیشتبوو و، خەڵك وای لێهاتبوو بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکات و، بەرنامەی یەکگرتوو بەو جۆرە بوو کە هەمیشە کوڕە بەوەفا و بە ئەمەك و بە خزمەتەکەی میللەت و خاکی خۆی بێت".

ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی یەکگرتوو وتیشی: "سەیر نەبوو کە کۆمەڵێك شت بە یەکگرتوو بووترێت و، پێی بووترێت خائین، بەڵام لە چوار ساڵی ڕابردوودا سەلماندی کە هیچمان کەمتر نەبووە لەوان و لەبەرچاوی دۆست و دوژمنیشەوە، هەرگیز ڕۆژێك لەڕۆژان بۆ بەرژەوەندی تەسکی حیزبی بەرژەوەندی میللەتی خۆمانمان نەکردۆتە قوربانی و، موزایەدەشمان نەکردووە بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی حیزبی".

هەروەها وتی: "ئێمە ڕاستە بە مانایەك لیستێکی حیزبی بووین، بەڵام لیستێکی پەرلەمانی بووین و هەموو کات حیزب ئێمەی سەرپشك کردووە لە بڕیاردان بۆ هەر بابەتێك، بۆیە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان حیزبایەتی نەکردووە بەو مانایە، چونکە ئەگەر حیزبایەتیمان بکردایە لە بەغدا ئەمانتوانی ئەو کارەساتەی لە (١٢/٦) ڕوویدا لە دژی هاوپەیمانی کوردستان بەکاری بهێنین، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نە ویستومانە و نە دەشمانەوێت ناوی هەرێمی خۆمان بزڕێنین بەوەی کە هەرێمێکی نادیموکراسییە".

(ئەسمەر حسێن) پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕوونیشی کردەوە: "لە زۆرکات پۆست هەبووە دەبووایە بدرایە بە یەکگرتووی ئیسلامی لە بەغدا، بەڵام لایەنێکی تر دەیبرد، ئێمە نەئەکرا تۆڵە بکەینەوە بەوەی کە لە مەسەلەیەکی نەتەوایەتیدا هاو هەڵوێست نەبین. ئەگەر تۆڵەمان بکردایەتەوە ئەوا دەبووایە لە یاسای فیدراڵی کە (٣٨) ئەندام لە هۆڵی پەرلەماندا بوون ئەگەر ئەو پێنج ئەندامەی یەکگرتوو بچووبایەتە دەر ئەوا ڕێژەی یاسایی تێك دەچوو. دەشمانتوانی ئەو کات ئەو بابەتە وا بەکار بهێنین و موساوەمە بکەین و بڵێین ئەگەر ئەو پۆستەمان نەدەنێ ئەوا دەچینە دەر، بۆیە ئێمە لە بەغدا بە نەفەسێکی حیزبیانە کارمان نەکردووە، هەر بەو شێوەیەش پەروەردە کراوین".

(سامی ئەتروشی) ئەڵێ: "زۆر مەسەلە پەیوەندی بە یەکگرتووی ئیسلامیەوە نەبووە بەڵام ئێمە وەك مەسەلە نەتەوایەتیەکە بەرگریمان لێ کردووە".

(سامی ئەتروشی) پەرلەمانتاری چالاکی عێراقی لە فراکسیۆنی یەکگرتوو لە وتەیەکیدا بۆ ڕۆژنامەی ÷ دەڵێت: "بێگومان بابەتی پڕوپاگەندە لە هەموو شوێنێکدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی بوو ئەوەبوو بگاتە ئاستێك تۆمەتی خائینی بدەیتە پاڵ لایەنێکی تر، ئەمەش بێگومان کاریگەری هەیە بۆ سەر پرۆسەی سیاسی و لەدەستدانی متمانەی دەنگدەران".

ئەتروشی ئەوەشی خستەڕوو: "لە چوارساڵی ڕابردوودا یەکگرتوو سەلماندی بۆ هەموو لایەك بەتایبەت برادەرانی حیزبەکانی تر، بەوەی یەکگرتوو دەیەوێت خزمەتی گەل و نەتەوەی خۆی بکات و، ئامانجی بە پلەی یەکەم چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردە، هەتا ئەگەر هەندێکی پەیوەندی بە یەکگرتوو نەبووە وەك حیزب بەڵام چونکە پەیوەندی بە گەلی کوردستانەوە هەبووە ئەندامانی یەکگرتوو بەرگرییان لێ کردووە، بۆ نموونە مەسەلەی پێشمەرگە، کە هەموو کەس دەزانێت یەکگرتوو پێشمەرگەی چەکداری نییە، بەڵام ئێمە وەك لایەنە نەتەوایەتییەکەی کە پێشمەرگە خزمەتی بە کورد کردووە بەرگریمان لە کەیسە کردووە و لەناو بوجەدا مافیمان پاراستووە".

وتیشی: "لەبەر ئەوە بۆ هەموو کەس سەلما کە ئەو پڕوپاگەندەیە ناحەق بوو، تەنانەت کەس ناتوانێت یەکگرتوو لە هەڵوێستە نیشتمانیەکانیدا بە پلەی دووەم ناوببات، چونکە ئەو لایەنانەی کە بە یەك لیست دابەزین دوایی لە پەرلەمان بوونە چەند لیستێك، بە پێچەوانەوە یەکگرتوو لەگەڵ ئەوەی لیستی جیاوازی هەبوو بەڵام هاوهەڵوێست بوو لەگەڵ یەکگرتوو".

### (ئەتروشی) پەرلەمانتارە چالاکەکەی هاوپەیمانی یان یەکگرتووی ئیسلامی؟!

سامی ئەتروشی پەرلەمانتاری چالاکی عێراقی لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەجۆرێك ئەم پەرلەمانتارە چالاك و کاریگەر بوو کە نەك هەر لەسەر ئاستی فراکسیۆنە کوردییەکان بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو پەرلەمانی عێراق دیار و کاریگەر بوو، ئەوەی جێی سەرنج بوو هەندێك جار ڕاگەیاندنە کوردییەکان کە کەس نازانێت بە مەبەست بووە یاخود نەشارەزایی و نەزانی بە پەرلەمانتاری فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانیان ناو دەبرد!

دەربارەی ئەو حاڵەتە (ئەتروشی) دەڵێت: "من هەردوو حاڵەتەکە بەعەیب بۆ ڕاگەیاندنی کوردی دەزانم، چ نەزانی و چ ئەگەر مەبەستیان هەبووبێت، چونکە ئەگەر لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دەرەوە ئەو حاڵەتە هەبووایە ئەوان لەوە دەچێت عوزر بهێننەوە بەوەی ئێمە لەگەڵ هاوپەیمانی هاوهەڵوێست بووین، بەڵام بۆ ڕاگەیاندنی کوردی هیچ بەڵگەیەکی نییە، خۆ ئەگەر نەشیان ناسیایە دەبووایە پرسیاریان بکردایە، زۆرتر سوربوونایە لەسەر پێدانی زانیاری ڕاست".

پەرلەمانتار (زوهیر خۆشناو): "ئەو چوار ساڵە یەکگرتوو سەلماندی کە ئەو قسە و تۆمەتانەی لە (٢٠٠٥) پێی دەوترا هاش و هوشی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بوو"..

لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی ÷ (زوهێر خۆشناو) ڕایگەیاند: "ئەو چوار ساڵە یەکگرتوو لە پەرلەمان سەلماندی کە ئەوەی لە (٢٠٠٥) پێی دەوترا و بۆی هەڵدەبەسترا جگە لە هاشوهوشی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و کەمکردنەوەی قەدری یەکگرتوو هیچیتر نەبوو، بەڵام بەپێچەوانەوە هەر لە سەرەتاوە خەڵك زانی کە مەسەلەکە تەنها ململانێیەکی نادروستە، ئێمەش بڕیارمان دابوو کە بەو جۆرە بچینە هەڵبژاردنەکان تا میللەت فێری ململانێی دیموکراسی بێت".

(خۆشناو) بۆ ÷ وتیشی: "ئێمە دەمانویست ئەوە بسەلمێنین کە خاوەن جەماوەری خۆمانین، ئەگەر جەماوەر ڕێگەی پێبدرێت ئەوا زۆر لەوە زیاتر بەدەست دەهێنین. ئەوەش دەرکەوت لە چوار ساڵی ڕابردوودا کە ئێمە لەوان سورترین بۆ مەسەلە نەتەوایەتیەکان بێ ئەوەی ئێمە بکەوینە ژێر فشاری هیچ کەس و لایەنێکەوە". پەرلەمانتار (عومەر بادی): "لە چوار ساڵی ڕابردوودا بە کردەوە سەلماندمان کە دڵسۆزی و خەمخۆریی ئێمە بۆ میللەتەکەمان هیچی لە یەکێتی و پارتی کەمتر نییە".

لە وتەیەکیدا بۆ ڕۆژنامەی ÷ پەرلەمانتاری عێراقی لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی (عومەر بادی) ئەوەی خستە ڕوو: "ئێمە لە چوار ساڵی ڕابردوودا بە کردەوە سەلماندمان کە دڵسۆزی و خەمخۆریی ئێمە بۆ میللەتەکەمان هیچی لە یەکێتی و پارتی کەمتر نەبووە. ئەو قسانەش مونافەسەیەکی حیزبی بوو. نەیاندەویست لیستی جیاواز هەبێت تا ئەگەر دەسکەوتێك هەبێت بەناوی ئەوانەوە بێت، بۆ شکاندنی سومعەی ئێمە بوو تا خەڵك دەنگ نەدەنە یەکگرتوو".

(بادی) تیشکی خستەسەر: "لەو کاتەدا هیچ لیستێکی تر هاندەر نەبوو تا بێنە مەیدان و بە لیستی جیاواز دابەزێت، ئەگەرنا ئەوانەی ئەو قسانەیان دەکرد خۆیان زۆرباش دەزانن کە هەڵوێستی ئێمە هیچی کەمتر نەبووە لە هی ئەوان".